# فیقهی ئاسان: بەشی پاک وخاوێنی دەروازەی دووەم: دەفر وقاپ وقاچاخ

< kurdish - کوردی - كردي >

دەستە بژێرێک لە زانایان

ﮊﮋ

وە وەرگێرانی: دەستەی زمانی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# الفقه الميسر: كتاب الطهارة، الباب الثاني: في الآنية

نخبة من العلماء

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# دەروازەی دووەم: دەفر وقاپ وقاچاخ

**الانية:** مەبەست پێی دەفر وقاپ وقاچاخە کە ئاو و جگە ئاویشی تێدا هەڵدەگیرێت، جا ئەو دەفر وقاپ وقاچاخە لە ئاسن بێت، یان غەیری ئاسانیش، ئەصڵ وبنەما ئەوەیە کە بەکارهێنانی کارێکی ڕیگا پێدراوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ هُوَ الَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى الْأَرْضِ جَمِيعًا ﴾ [ البقرة : 29 ] .

واتا: ئەو خوایە کە لە زەوییدا -لەبەر سوودو قازانجی ئێوە- هەمووجۆرە شتێکی دروستکرد.

### بابەتی یەکەم: بەکارهێنانی قاپ وقاچاخی زێر و زیوو و غەیری ئەوانیش لە پاککردنەوەدا:

دروستە سەرجەم قاپ و قاچاخەکان لە خواردن و خواردنەوە وتەواوی شتەکانی تردا بەکار بهێنرێن، ئەگەر بێتو پاکوخاوێن وموباح بن، تەنانەت ئەگەر گران بەهایش بن، مادام موباح بێت و بە موباحی مابێتەوە[1] جگە لەو قاپ وقاچاخانە نەبێت کە لە زێر و زیوو دروستکراون، چونکە بەتایبەتی خواردن و خواردنەوە لە قاپ وقاچاخی زێر و زیوودا حەرامە، جگە لە بەکارهێنانی تریان، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: { لا تشربوا في آنية الذهب والفضة، ولا تأكلوا في صحافها؛ فإنها لهم في الدنيا ولكم في الآخرة } [2] .

واتا: لە قاپ وقاچاخی زێر وزیودا مەخۆنەوە، وە لەو دەفرانەدا مەخۆن، ئەوانە بۆ ئەو کەسانەن لە دونیادا، وە لە دوا ڕۆژیشدا بۆ ئێوەن.

هەروەها فەرموویەتی: {الذي يشرب في آنية الفضة إنما يجرجر في بطنه نار جهنم } [3].

واتا: ئەو کەسەی لە قاپ وقاچاخی زیوودا بخواتەوە، لەڕۆژی دواییدا ئاگر بەناو سکیدا هاتوچۆ دەکات.

(1) مەبەست لە موباح : ئەوەیە کە حەڵاڵ بێت و ماڵی دزراو وداگیر کراو نەبێت .

(2) ئیمامی بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (5426) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (2067) ڕیوایەتیان کردووە .

(3) ئیمامی بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (5634) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (2065) ڕیوایەتیان کردووە .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تەنها خواردن و خواردنەوە لە قاپ وقاچاخی زێڕ وزیودا حەرامە، جگە لە بەکارهێنانی تری، بۆیە دروستە قاپ و قاچاخی زێڕ وزیو لە پاك کردنەوەدا بەکار بهێنرێن، ئەو ڕێگریەش کە هەیە ڕێگریە لەو قاپ وقاچاخانەی کە بە زێڕ و زیووی پاڵفتە یان ڕووکەش کراو دروستکراون، یان ئەو قاپ وقاچاخانەی کە هەندێك لە زێڕ وزویان تێدا بەکار هاتووە.

### بابەتی دووەم: حوکمی بەکارهێنانی ئەو قاپ وقاچاخانەی شکاون وبە زێڕ یان زیوو پێکەوە نوسراونەتەوە:

ئەگەر هاتوو ئەو شکانەی کە چاك دەکرێتەوە بە زێڕ بێت، ئەوا بە ڕەهای بەکارهێنانی ئەو قاپ وقاچاخە حەرامە و دروست نیە، چونکە ڕێگریەکە لە بەکارهێنانی دەچێتە ژێر خانەی گشتگیری ڕیگریەکەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو چاککردنەوە وپێکەوە نوساندنەوە شتێکی کەم بێت و بە زیوو بکرێت، ئەوا بەکارهێنانی ئەو قاپ وقاچاخە دروستە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ رازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "**إنكسر قدح رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) فاتخذ مكان الشعب سلسلة من فضة**" [1] .

واتا: پیاڵایەك یان پەرداخێکی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) شکا، ئەو جێگایەی کە شکا بوو بە زنجیرەیەك زیووی تواوە لکێنرایەوە بەیەکەوە.

### بابەتی سێهەم: قاپ وقاچاخی بێباوەڕان:

ئەصڵ وبنەما ئەوەیە کە خواردن وخواردنەوە لە قاپ وقاچاخی بێباوەڕاندا موباح ودروستە، مەگەر بزانرێت کە ئەو قاپ وقاچاخانە پیس وپۆخڵن، ئەو کاتە دروست نیە بەکار بهێنرێت تا نەشۆررێن، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو ثەعلەبە خەشەنی دەیگرێتەوە و دەڵێت: "**قلت يارسول الله إنا بأرض قوم أهل كتاب، أفنأكل في انيتهم ؟ قال** : { لا تأكلوا فيها إلا أن لا تجدوا غيرها فاغسلوها، ثم كلوا فيها}[2].

واتا: ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لەخاك و وڵاتی ئەهلی کتابین ( کە جولەکە و گاوری لێن ) ئایا ئێمە لە قاپ وقاچاخی ئەواندا خواردن بخۆین ؟ لە وەڵامدا فەرمووی: لەو تێیاندا مەخۆن مەگەر هیچ شتێکتان دەست نەکەوێت، ئەو کاتە بیشۆن وتێدا خواردن بخۆن.

---

(1) ئیمامی بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (3109) ڕیوایەتی کردووە .

(2) ئیمامی بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (5478) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1930) ڕیوایەتیان کردووە .

بەلاَم ئەگەر هاتوو نەتانزانی کە پیسو پۆخلن، ئەویش بەوەی کە خاوەنی ئەو قاپ وقاچاخانە بەکەسانێکی وا نەناسراو بوون کە تێکەلاَوی پیس وپۆخلّی دەبن، ئەو کاتە دروست بەکار بهێرێن، ئەویش بە بەلّگەی ئەوەی کە ثابت وجێگیرە کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) وهەندێك لە هاوەلاّن ئاویان لە کونەی ئافرەتێکی موشریك داکرد بۆ دەست نوێژ گرتن[1] چونکە خوای گەورە خواردنی ئەهلی کتابی بۆ حەلاّل کردوین، بێگومان خۆ ئەهلی کتاب ئەگەر خواردنمان بۆ بهێنن لەناو قاپ وقاچاخدا بۆمانی دەهێنن، هەر وەك چۆن ئەو گەنجە جولەکە پێغەمبەری خوای بانگ کرد بۆ خواردنی نانی جۆ و زەیتی تێکەلّ کراو لەگەلّ ڕۆنی ئاژەلّ، کە بۆنیشی گۆڕا بوو، پێغەمبەری خوایش لێ خوارد[2] .

### بابەتی چوارەم: خۆ پاك کردنەوە ودەست نوێژ گرتن لەو قاپ وقاچاخانەی کە لە پێسی مردارەوە بوو دروستکراون:

پێستی مردارەوە بوو ئەگەر دەباغ وخۆشە کرا دروستە بەکار بهێنرێت، ئەویش بە بەلّگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { أيما إيهاب دبغ فقد طهر}[3]، واتا: هەر پێستێك دەباغ و خۆشەکرا ئەوا پاك دەبێتەوە.

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ڕۆژێك بەلای شەکە مەڕێکی مردارەوە بوودا ڕابوورد وپاشان فەرمووی:{هلا أخذوا إهابها فدبغوه فانتفعوا به، فقالوا : إنها ميتة، قال : فإنما حرم أكلها }[4]، واتا: سەرزەنشی ئەوانەی کرد لەوێ بوون، ووتی ئەوە بۆ پێستکەیان نەبردووە دەباغ و خۆشەی بکەن و سوودی لێوەربگرن، ئەوانیش ووتیان: مردار بووەتەوە، ئەویش فەرمووی: تەنها خواردنی گۆشتەکەی حەرامە.

حوکمی ئەم دەباغ و خۆشەکردنی پێستەش بۆ ئەو ئاژەلاّنەیە کە بەسەر برین گۆشتیان حەلاّل دەبێت.

(1) ئیمامی بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (344) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (682) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) ئەحمەد ڕێوایەتی کردووە (210/3 ، 211)، شێخ ئەلبانیش لە پەرتووکی (الارواء) (71/1) دا بە صەحیحی داناوە.

(3) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (366) وتیرموزی بەفەرموودەی ژمارە (1650) ڕیوایەتیان کردووە، فەرموودەکەش بە لەفزی (إذا دبغ الاهاب فقد طهر) عەبدوڵای کوڕی عەباس ڕیوایەتی کردووە .

(4) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (363) وابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (3610) ڕیوایەتیان کردووە .

سەبارەت بە موو و کوڵك و خوری ئاژەڵی مردارەوە بوو، ئەو ئاژەڵانەی کە خواردنی گۆشتیان حەڵاڵە، بە مردارەوە بوویش مووەکانیان پاکوخاوێنە، بەڵام گۆشتیان پیس و حەرامە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ﴾ [ سورەتی الانعام : 145 ] .

واتا: خوای گەورە هیچ حەرام نەکردووە - بێجگە لە مردارەوە بوو؛ یان خوێنێکی ڕژێندراو، یان گۆشتی بەراز.

دەباغ وخۆشەکردنیش بەوە دەبێت کە ئەو پێشتە پاکوخاوین بکرێتەوە لەهەموو پیسی وچەپەڵیەك، بەو مەواد و دەرمانانەی کە دەکرێتەوە ناو ئاوەوە، وەك خوێ وهەندێك شتی تر، یان بە گەڵای هەندێك ڕووەکی وەك (قرظ) [1] و (عرعر)[2] و هاوشێوەکانیان.

بەڵام ئەو ئاژەڵانەی کە بەسەر بڕین خواردنیان حەڵاڵ نابێت، ئەوا پێستی مردارەوە بوویان بە دەباغ و خۆشەکردن پاك نابێتەوە، هەر لەبەر ئەوەیش پێستی پشیلە وهاوشێوەکانی لە شێوە و شکڵدا، بە دەباغ وخۆشەکردن خاوێن نابێتەوە، هەرچەند کاتێکیش کە زیندوو بێت پاك وخاوێن بێت .

پێستی ئەو ئاژەڵەیشی کە خواردنی گۆشتی حەرامە، ئەگەر چی کاتێکیش زیندوو بێت پاکوخاوێن بێت، بەڵام بە دەباغ وخۆشەکردن خاوێن نابێتەوە.

**پوختەی ئەم بابەتەش ئەوەیە:** هەموو ئاژەڵێك کە مردارەوە بێت، وگۆشتەکەی بخورێت، ئەوا پێستەکەی بە دەباغ و خۆشەکردن پاك دەبێتەوە، وە هەر ئاژەڵێکیش مردارەوە بوو وە لەو ئاژەڵانە بوو کە گۆشتیان ناخورێت، ئەوا پێستەکانیان بە دەباغ و خۆشەکردن پاك نابێتەوە.

(1) گەڵاکەی لەگەڵ گوێز بچوکترە و بەکار دەهێنرێت بۆ خۆشەکردنی پێستە .

(2) جۆرە درەختێکی هەمیشە سەوزە و لەناوچە ساردەکاندا دەڕوێت، وبۆنێکی خۆشی هەیە .

# پێڕستی بابەتەکان


| م | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | بابەتی یەکەم : بەکارهێنانی قاپ وقاچاخی زێر و زیوو و غەیری ئەوانیش لە پاککردنەوەدا | 1 |
| 2 | بابەتی دووەم : حوکمی بەکارهێنانی ئەو قاپ وقاچاخانەی شکاون وبە زێر یان زیوو پێکەوە | 1 |
| 3 | بابەتی سێهەم: قاپ وقاچاخی بێباوەڕان | 2 |
| 4 | بابەتی چوارەم: خۆ پاك کردنەوە ودەست نوێژ گرتن لەو قاپ وقاچاخانەی کە لە پێسی مردارەوە بوو دروستکراون | 3 |
| 5 | پوختەی ئەم بابەتەش ئەوەیە | 4 |